

**بۆ مەرگی ناوادەی**

**مامۆستا و هاوڕێی شاعیر عوسمان شەیدا**

# ئاهێکی سەوز

**شیعری :ئیسماعیل خورماڵی**

**ماڵئاوا هاوڕێ ماڵئاوا**
**دار هەنارە شیرینەکەی ئێوارانی مەستایەتی**
**ئەی سپیدەترین هاوەڵ**
**لەهەرێمی نان وخوێن ومەستایەتی**
**ئەی سپی ترین ئەشکەوتی حوزن**
**وەی شەرابی ترین دەم وساتی شیعر**
**ماڵئاواهاوڕێ ماڵئاوا**
**گەرچی هێشتا**
**زووبوو بۆ مەڵۆی خۆزگەکان ببنە**

خەرمانەی زەرد
زووبوو جۆگەکانی فەیزو جوانی
ببنە وشکایی ودەشتی بەرد !
زوو بوو بۆ پێچاننەوەی ڕێکان ،
ببنەگوڵی لبادی لوول !
زووبوو هاوڕێ زووبوو
بۆ دانیشتن لەتەک پایز
ئاشت بوونەوە لەتەک مەرگ و
بۆ نووسینی دوا چامەتان !
ئاخەر هاوڕێ
کەس وەک تۆ لەسیوەکانی عیشقی
نەدەڕوانی
کەسی وەکوتۆ
بەدیار توێکڵی لیمۆیەکەوە نەدەگریا و
کەس وەکوتۆ
خەمی لە حوسنی ئەووڵاتەدا خەرج نەکرد
کەس وەکو تۆ عەشق کڵۆی بۆ نەکوتابوو !
ماڵ ئاوا هاوڕێ ماڵئاوا
هەستە لە گۆڕ
لە مردن گەڕێ هاوڕێ گیان
نزیکە ڕۆژی هاتنەوەم
با پێکەوە جارێکی تر

له عوشاق و

مەڵۆ ڕەنگی ئێوارانی شار هەڵڕوانین !

با جارێ تر

سڵاوێ له ئەرخەوان و

سسڵاوێ له ئازادی کەین !

بێ مەیل مەبه هاوڕێ

من دەزانم

تۆ له خوا زێدەتر دەزانی

من چەن تینووی دانیشتنێکم له تەکتان !

من چەن تینووی

گوێگرتنی شیعرێکی عاشقانەتانم !

من چەن تینووی

بزەیەکتان

فرمێسکێکتان

چنگەگرەی بەر پەنجەرەی ئاهێکتانم

من چەن تینووی

ڕندایەتی جگەرەکێشانێکتانم !

ماڵ ئاوا شەیدا ماڵئاوا

بەهاری2005/ئەڵمانیا